# ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی منداڵان
# لە دروستکردنی ڕەفتاری توندوتیژی لای منداڵانی کورد

**جوان بهاء الدين على**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: jwan.bahaden@koyauniversity.org

**سلام نصرالدين محمد**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ،هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: salam.mohammed@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئاشکراکردن و خستنەرووی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە منداڵەکان بەگشتیی تەماشای دەکەن لە ڕێگەی سازدانی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ (504) منداڵ,دواتر شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری هەیە، بەپێی چەند توێژێک وەک (جۆری کەرەستەی بەکارهێنراو کە نیشانەیە بۆ توندوتیژی) و (توندوتیژی وتراو) و (توندوتیژی کرداریی و جوڵەیی) و (توندوتیژی هێمایی). دواتر دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بەرنامە و فلمکارتۆنانەی کەزۆرترین جار دووبارەبونەوەی هەیە لە هەریەک لەو توێژانە و دەستنیشانکردنی ئەو برگانەی کە زۆرترین ڕێژەی دووبارەبوونەوەی لەهەریەک لەو توێژانەدا بەدەستهێناوە.بۆ ئەو مەبەستەش فۆڕمێک بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکانی منداڵان ئامادەکراوە.

دوای دەستنیشانکردنی راستگۆیی ڕواڵەت و جێگیریی ناوەرۆکی فۆڕمەکە توێژەر هەستا بەشیکردنەوەی ناوەڕۆکی (50 فلمکارتۆن و فلمی ئەنیمەیشن) کە بەگشتیی کاتەکەی دەکاتە (830 خولەک)، واتە (13 کاتژمێر) و (50 خولەک). لەئەنجامەکاندا دەرکەوت کە بەرنامەکانی منداڵان بە ڕێژەی جیاواز برگەکانی توێژە جیاجیاکانی توندوتیژیی لەخۆدەگرن، بەڵام ئەوەی کە بەشێوەیەکی سەرەکیی جێی باسە ئەوەیە کە بەپێی دەرئەنجامەکان کە توێژەر بەدەسیهێنا دەرکەوت کە هەرسێ فلمکارتۆنی (سپایدەرمان، تۆم و جێری و Ben 10) لەزۆرینەی توێژەکانی توندوتیژییدا بەرزترین ڕێژەی دووبارە بوونەوەیان هەیە. ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو سێ فلمکارتۆنە دەبنە مایەی دروستکردنی رەفتاری توندوتیژیی لەلای منداڵان، ئاساییکردنەوەی هەندێک کردەوە و وتەی نەشیاو لەلای



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

منداڵ کە دەبنە مایەی گرفت بۆ خۆیان و دەوروبەریان. لە کۆتاییداو لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان، توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی پێشکەشکردووە.

**کلیلە وشەکان :** ڕۆڵ ، بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی منداڵان ، ڕەفتاری توندوتیژی.

## بەشی یەکەم:
## ناساندن بە توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

ڕۆژانە چەندین فلم و زنجیرەی فلمکارتۆنیی جۆراوجۆر لەلایەن منداڵانەوە تەماشا دەکرێن و دەبنە جێی سەرنجیان. بەجۆرێک کە هەندێکجار منداڵان بەهۆی کەمیی ئەزموون و شارەزایی لە ژیاندا وەک بابەتێکی واقعیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. منداڵانی کورد، وەک هەموو منداڵانی جیهان ڕۆژانە تەماشای ئەو بەرنامە و بابەتانە دەکەن کە لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە پەخشدەکرێن. هەندێک لە توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوەداوە کە منداڵان لەتەمەنی دووساڵییەوە تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن، بێمەبەستانە سەرنجی منداڵ بۆ وێنەی پرشنگدار و دەنگی بەرزی تەلەڤزیۆن ڕادەکێشرێت. لەتەمەنی سێ ساڵییدا، منداڵ داوای تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن دەکات، سەرنجی بۆ هەموو شتێکی جوڵاو و نوێ ڕادەکێشرێت و حەزی لە گۆڕانکارییە لە بابەتە وروژێنەرەکاندا. هاوکات تەلەڤزیۆن بەیەکەم ئامرازی جەماوەریی دادەنرێت کە منداڵان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ بوونی یارمەتیدەر بەکاریدەهێنن (أحمد و الحمامی،2015،لا 293). بە دڵنیاییەوە ئەم بڕە کاتەی کە منداڵان لە تەماشاکردنی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆندا بەسەری دەبەن جێپەنجە و کاریگەریی خۆی لەسەر لایەنی دەروونی، کۆمەڵایەتیی و ڕەفتاری منداڵ بەجێدەهێڵێت. بەجۆرێک هەندێکجار منداڵان دەقاودەق ئەو ڕەفتارە دووبارە دەکەنەوە کە لەلایەن کارەکتەرەکانی نێو بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانەوە ئەنجامدەدرێت.

زۆرینەی پسپۆڕانی بواری پەروەردە پێیانوایە قۆناغی منداڵیی بەقۆناغێکی گرنگ هەژمار دەکرێت لە دروستبونی کەسێتی مرۆڤدا و کاردانەوەی لەسەر ڕەفتار و بیروبۆچوون و ئاڕاستەی تاکەکان تا کۆتایی تەمەنیان هەیە. ئەم سەردەمە بەسەردەمی زانیاریەکان و گەشەی تەکنەلۆژی هەژماردەکرێت و لەهەموو ماڵێکدا بەلایەنیکەمەوە ئامێرێکی تەلەڤزیۆن دەبینرێت و کەناڵەکان لەم سەردەمەدا وەک یەکێک لەدەزگاکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی لەسەر پەوەردەی منداڵ هەیە. بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە ئاشکراکردنی پێکهاتە و ناوەڕۆکی ئەو بەرنامانەی منداڵاندا دەبینێتەوە کە لەلایەن منداڵانی کوردەوە زۆرترین خواستیان لەسەرە و تەماشاکاریان هەیە. پێویستە لە ڕێگای توێژینەوەی زانستییەوە هەوڵی زانینی پێکهاتە و ناوەڕۆکی بەرنامەکان بدرێن و وەڵامی ئەو

پرسیارە بدرێتەوە کە (ئایا ناوەڕۆکی ئەو بەرنامانەی منداڵان کە لەلایەن منداڵانەوە زۆرترین خواستیان لەسەرە، ناوەڕۆکێکی بەکردار و هێما و دەربرینی توندوتیژیی تەنراوە یان ناوەڕۆکێکە کە هانی کرداری ناتوندوتیژی دەدات؟).

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی خۆی هەیە, بۆیە گرنگیی ئەم توێژینەوە بەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

1. ئەم توێژینەوەیە ئەو بەرنامانە ئاشکرادەکات کە لەلای منداڵانی کورد جێگای بایەخن و کاتێکی زۆر لە تەماشاکردنیان بەسەر دەبەن.

2. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر  ناوەڕۆکی بەرنامەکانی منداڵان, کە بەپێی پێوەرێکی زانستي، شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ بەرنامەکانی منداڵان دەکات و لە رێگەی داتا و ژمارەوە و ناوەڕۆکی توندوتیژیی یان هاندان بۆ کرداری ناتوندوتیژی بەشێوازی کرداری یان وتراوی یان هێمایی دەخاتەڕوو.

3. ئەم توێژینەوەیە لەو بەرنامانە دەکۆڵێتەوە کە بینەرەکانی منداڵانن و کاریگەریی لەسەر دەرون و رەفتاریان بەجێدەهێڵێت و منداڵان کە دەبنە نەوەی دوارۆژی میللەت. بۆیە زۆر گرنگە کە بزانرێت ناوەڕۆکی ئەو بەرنامانەی کە منداڵان تەماشای دەکەن چین و بابەتی شیاو و نەشیاوی منداڵان لەیەکدی جیابکرێنەوە.

4. دەکرێت کەناڵەکانی راگەیاندن لە ئەنجام و پێشناز و راسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە سود وەربگرن بۆ کەمکردنەوە و رێگریکردن لە پەخشی ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی کە کاریگەريي نەرێنی لەسەر منداڵان دروستدەکات.

5. توێژینەوەی لەم جۆرە گرنگی زۆری هەیە بۆ بەخێوکەر و دەزگا پەروەردەییەکان,دەکرێت لە ئەنجام و پێشناز و راسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە سود وەربگرن بۆ پاراستنی منداڵان لە تەماشاکردنی ئەو بابەتانەی کە ناوەڕۆکێکی توندوتیژیی لەخۆ دەگرن و ئاڕاستەکردنیان بۆ گرنگیدان بەو بابەتانەی کە ناوەڕۆکێکی بەسود و ناتوندوتیژیی لەخۆ دەگرن.

## سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارةوةدا خۆی دەبینێتەوە:-

1. ئاشکراکردن و خستنەڕووی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە منداڵەکان بەگشتیی تەماشای دەکەن.

2. شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن منداڵانەوە بەپێی توێژی (جۆری کەرەستەی بەکارهێنراو کە نیشانەیە بۆ  توندوتیژی) و دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بەرنامانەی کەزۆرترین جار دووبارەبونەوەی لەمجۆرە توندوتیژیە هەیە و دەستنیشانکردنی ئەو  بڕگانەی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە و رێژەی لەم توێژەدا بەدەستهێناوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

3. شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری لەلایەن منداڵان هەیە بەپێی توێژی (توندوتیژی وتراو) و دەستنیشانکردنی ئەو بەرنامانەی کە زۆرترین جار دووبارەبونەوەی لەمجۆرە توندوتیژیە هەیە و دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بڕگانەی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لەم توێژەدا بەدەستهێناوە.

4. شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری لەلایەن منداڵان هەیە بەپێی توێژی (توندوتیژی کرداری و جوڵەیی) و دەستنیشانکردنی ئەو بەرنامانەی کە زۆرترین جار دووبارەبونەوەی لەمجۆرە توندوتیژیە هەیە و دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بڕگانەی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لەم توێژەدا بەدەستهێناوە.

5. شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری لەلایەن منداڵان هەیە بەپێی توێژی (توندوتیژی هێمایی) و دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بەرنامانەی کە زۆرترین جار دووبارەبونەوەی لەمجۆرە توندوتیژیە هەیە و دەستنیشانکردنی ئەو بڕگانەی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لەم توێژەدا بەدەستهێناوە.

## چوارەم: سنوری توێژینەوە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە ئەو بابەت و بەرنامە تەلەڤزیۆنیانە دەگرێتەوە کە لەلایەن ئەو منداڵانەوە تەماشا دەکرێن کە توێژەر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ منداڵاني بازنەی دووەم واتە پۆلەکانی (چوارەم و پێنجەم و شەشەم) لة قوتابخانەکاني شارۆچکەی کۆیە ئاشکرای کردوون و زۆرترین دووبارەبوونەوەیان هەیە.

## پێنجەم: پێناسەی زاراوەکان:

- **بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکانی منداڵان**

❖ ئەو بەرنامانەن کە تەلەڤزیۆنەکان بەرهەمی دەهێنن و ئاڕاستەی منداڵان دەکرێت، چونکە وا دادەنرێت کە لەگەڵ گەشەی عەقلي و زانەکی(معريفي) منداڵدا گونجاوبێت و گرفتەکانیان چارەسەر دەکات و گوزارشت لەو قۆناغەی تەمەنیان دەکات کە تیایدا دەژین (دهامنه، 2015– 2016، لا 59).

❖ ئەو بەرنامانەن بەئامانجی پێکهێنانی هزری منداڵ و بەسەربردنی کاتێکی خۆش، لەو بەرنامانەی کە ئاڕاستە دەکرێن و بەتایبەت بۆ منداڵان ئامادەکراون، لەسەرووی هەمووشیانەوە فلیمکارتۆن، بەرنامەی یاری، پێشبڕکێ، بابەتی دیکۆمێنتاری سادە و ئەوەی کە لە زۆرینەی تەلەڤزیۆنەکانی جیهاندا جەختی لێدەکرێتەوە ئەوەیە کە گرنگی دەدرێت بە تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگە (الصايم،2015–2016، لا 22).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

- **ڕەفتاری توندوتیژی**

❖ کردارێکی خۆویست و بەمەبەستە بە ئامانجی زەرەر دان یان شێواندن و تێکدانی شت و موڵک یان دەزگای تایبەت یان گشتی، حکومیی یان ناحکومیی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە (مهدیه و أمال، 2011، لا 226).

❖ ڕەفتارێکە کە لەلایەن تاکێک یان گروپێک لەبەرامبەر تاکێک یان چەند کەسێک یان بەرامبەر خودی خۆی بەشێوەیەکی وتراو یان ماددی ئەنجامدەدرێت، بەشێوەیەکی نەرێنی یان ئەرێنی، بەڕاستەوخۆیی یان ناڕاستەوخۆ کە پڕە لە هەڵوێستی توڕەیی و شڵەژان، یان بەرگریکردن لە خود یان موڵک، یان حەزکردن بە تۆڵەسەندنەوە، یان گەیشتن بە داهاتێکی دیاریکراو کە ئازاری ماددی و جەستەیی یان دەروونیی بەشێوەی جیاجیا بەدوای خۆیدا بۆ بەرامبەر دەهێنێت (النوفلی، 2013، لا 22).

## بەشی دووەم:
## چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

### پاری یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### یەکەم : بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکانی منداڵان

ئەو بابەتانەی لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە ئاڕاستەی منداڵان دەکرێن چەندین شێواز و قاڵبی هونەری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت و بەپێی ئەو بابەتەی کە پێشکەشی دەکات دەگۆڕێت. لەسەرەتادا ئەو بابەتانە لە کەناڵە گشتییەکانەوە لە ژێر ناونیشانی (ماوەی بەرنامەی منداڵان) یان ناوێکی دیکەی لەوجۆرە پێشکەشدەکران، بەڵام بەهۆی گەشەی تەکنەلۆژیی و زیادبوونی کەناڵەکان وایکرد منداڵان کەناڵی تایبەت بەخۆیان هەبێت و بەرنامەکانی منداڵان بە چەندین شێوەی هونەریی پێشکەش بکرێت وەک؛ فلیمکارتۆن، فلمی منداڵان، ئەڵقەی منداڵان، گۆرانیی و پێشبڕکێ و چیرۆک...هتد. (أحمد و الحمامی، 2015، لا 307-308).

فلیمکارتۆن لەکۆمەڵە وێنەیەکی پێشوەختە ئامادەکراو پێکدێت، بەجۆرێک هەریەکێک لەو وێنانە جوڵەیەک نیشان بدات کە هەریەکەیان لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی بەجیاوازیەکی کەم جیاوازبێت. لەهەر چرکەیەکدا (24) وێنە نمایش



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دەکرێت و لەئەنجامدا (1440) وێنە لەیەک خولەکدا نمایش دەکرێن، بەوجۆرە وێنەی یەکەم لەسەر تۆڕی چاوی بینەر دەمێنێتەوە پێش ئەوەی کە وێنەی دووەم نمایش بکرێت. بەوجۆرەش هەردوو وێنەکە حاڵەتێکی بەردەوامیی بەو کارەکتەرەی نێو ڤیدیۆیەکە دەدات و وادەردەکەوێت کە لەشێوازی یەکەمەوە دەگۆڕرێت بۆ شێوازی دووەم. هەروەها ئەم وێنانە لەسەر (دیاردەی مانەوەی شوێنی وێنە) کاردەکەن کە ناسراوە بە Peter Mack Roget (المومنی و دولات، 2011، لا 656). واتە ئەو بەرنامانەن کە هەڵدەستيٍّت بە جوڵاندنی وێنەی جێگیر بۆ دوواندنی منداڵان و شێوازی درامایی ویستراوی تیادا بەکاردێت تا بابەتێکی تەواو پێشکەش بکات، بەوێنەی کێشراو و بە سەرنجراکێشترین ڕەنگ و جوڵە و کاریگەرییە دەنگییەکان بۆ بەدیهێنانی پەیوەندییەکی خوازراو و کارکردنە سەر منداڵان (دهامنە، 2015–2016، لا 59). فلیمکارتۆن، ئەو بەرنامانەن کە بیرۆکە و مانا لەخۆدەگرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو و تیایدا وێنە جێگیرەکان بۆ دوواندنی منداڵ دەجوڵێنرێت و شێوازی درامایی بەکاردێت، بۆ پێشکەشکردنی نمایەکی تەواوی وێنە بۆکێشراو و جوڵە بەدەنگەوە کە نیشانەیە بۆ قووڵیی هەست و سۆز (بعلوشە، 2013، لا 17).

بەرنامە و بابەتە تەلەڤزیۆنییەکانی منداڵان بەهەمانشێوەی بەرنامەکانی گەوران بەچەندین نما و شێوازی توندوتیژیی تێکەڵکراون، بەجۆرێک کە منداڵان حەز بە بینینی ئەو بەرنامانە بکەن و لاساییشی بکەنەوە. لەتوێژینەوەیەکی زانکۆی گلاسکۆی بەریتانییدا کە(11)هەزار منداڵی وەک سامپڵ وەرگرتبو، دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە دەریخست کە ئەو منداڵانەی کە لەتەمەنی (5)ساڵییدا لە سێ کاتژمێر زیاتر تەماشای تەلەڤزیۆنیان کردووە، لەتەمەنی (7) ساڵییدا زیاتر ڕووبەڕوی شەڕوپێکدادان، درۆ، هەڵخەڵەتاندن و دزیی دەبنەوە. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گونجاوە لەگەڵ هەزاران توێژینەوەی دیکەدا کە لەماوەی ئەو سی ساڵەی پێشودا ئەنجامدراون و جەخت دەکەنەوە لەوەی توندوتیژیی بینراو لەشاشەی تەلەڤزیۆنەوە، بەرێژەی 10% وەڵامدانەوەی توندوتیژیانەی بینەران زیاد دەکات. بەجۆرێک منداڵان هەتا قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکەن (8000) تاوانی کوشتنیان بینیوە (ختاتنە و أبو أسعد، 2015). ئەو دەرئەنجامانە ئەوەمان پێدەڵێت کە زۆرینەی بەرنامەکانی منداڵان لە گۆشەنیگا و ئەفراندنی هزری گەورەکانە و وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان تێکەڵ بەبیرۆکە و نماو ڕەفتاری توندوتیژیی دەکرێت و کاریگەریی نەرێنی لەسەر منداڵان بەجێدەهێڵێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## دووەم: ڕەفتاری توندوتیژی:

توندوتیژی، بەیەکێک لە گرفتەکۆمەڵایەتیی و مرۆییەکان دادەنرێت کە هەر لەسەرەتای دروستبونی مرۆڤ و مرۆڤایەتییەوە و هەرلەکۆنەوە بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر، مرۆڤ ڕەفتاری توندوتیژیی ئەنجامداوە کە بەپێی پاشخانی تاک و گروپەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازەو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت.

باندۆرا (Bandura 1973) پێی وایە ڕەفتار تەنها شت و هەڵوێستی بۆماوەیی نییە، بەڵکو لەژێر کاریگەریی تێکەڵبوونی چەندین هۆکاری بۆماوەیی، ژینگەیی و شڵەژانی کۆمەڵایەتیی بنیاتنراوە. کاتێک چالاکییەکی ئامانجدار ناگاتە دەرئەنجام و بەربەست دروست دەبێت، بەشێوەیەکی خۆبەخۆ ئەو چالاکییە دەبێتە توندوتیژیي و ململانێ کە زۆرجار وادەردەکەوێت توندوتیژیی چارەسەرێکی گونجاوە بەلای کەسە توندوتیژەکەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ کاتێکی کورتیش بێت، بەتایبەت کاتێک کە چارەسەری دیکە لەبەردەستدا نامێنێت (الزغبی، 2017، لا 15). توندوتیژی، ڕەفتارێکی کردارییە یان وتراوە کە هێز و هەڕەشەکردن لەخۆدەگرێت و دەبێتەهۆی ئازارگەیاندن بەخودی خۆی یان کەسانی دەوروبەر و شێواندن و فەوتاندنی کەلوپەل بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. بەوجۆرە توندوتیژی، ڕەفتارێکی کرداری یان وتراوە و دەبێتەهۆی پەستانی دەروونیی یان مەعنەوی بەشێوازی جیاجیا و دەکرێت ڕەفتاری توندوتیژی تاکەکەسیی بێت یان بەگروپ، دەکرێت ڕێکخراو یان هەڕەمەکیی بێت، ئیدی بەئاشکرا یان شاراوەیی.

هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە ڕەفتاری توندوتیژی، بابەتێکە تاکەکان لەژینگەوە فێری دەبن و تەلەڤزیۆنیش یەکێکە لە فاکتەرە بەهێزەکانی جیهانی منداڵان و ئێستا وەک یەکێک لە دەزگاکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی هەژماردەکرێت. بەرنامە و بابەتە تەلەڤزیۆنیەکان پشکی گەورەیان بەردەکەوێت لەفێرکردن و ئاشناکردنی منداڵان بە ڕەفتار و بیرکردنەوەی توندوتیژیانە. توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە بینەری تەلەڤزیۆنەکان فێری ڕەفتاری توندوتیژیی و نمونەی کوشتن دەبن و میدیاکان ڕۆڵیان لە وروژاندن و دروستکردنی کێشە لە نێو جەماوەردا هەیە (دحلان، 2003، لا 80-81).

## پاری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

- **توێژینەوەی (کریمە، 2017)**

توێژینەوەکە بەناونیشانی (العنف فی برامج الأطفال الكرتونية فی قناة سبيس تون – دراسة وصفية تحليلية للمسلسل الكرتونی وان بيس (الجزء الأول)). توێژینەوەکە چەند ئامانجێکی هەبوو لەنێویاندا ئاشکراکردنی نیشانەکانی توندوتیژیی کە کارەکتەرەکانی ئەڵقەکانی فلیمکارتۆنی (وەن پیس) دەینوێنن و ئەو بابەتانە چین کە ململانێی لەپێناودا دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ڕێبازی وەسفی ناخشیکاری بۆ (8) ئەڵقە بەکارهێناوە. دوای کۆکردنەوەی داتاکان توێژینەوەکە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

گەیشتە چەند دەرئەنجامێک، لەوانە؛ ڕێژەی توندوتیژی جەستەیی لە ڕێژەی توندوتیژیی وتراو و توندوتیژی هێمایی زیاترە کە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ ڕەفتاری توندوتیژیی لەو فلیمکارتۆنەوە بەدەست بهێنێت، چونکە منداڵان زۆر بەئاسانیی فێری ئەو ڕەفتارانە دەبن و لاسایی دەکەنەوە و فلیمکارتۆنی (وەن پیس) هەندێک بەهای نەرێنیی لەخۆدەگرێت کە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگاکەیاندا نەگونجاوە.

- **توێژینەوەی (عوف، 2017)**

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (دراسة تحليلية عن تأثير لرسوم المتحركة على طفل الروضة ايجابيا و سلبيا) بوو، ئامانجی ئاشکراکردنی لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی بەرنامەکانی مداڵان بوو لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخست کە منداڵان لە فلیمکارتۆنەکانەوە فێری توندوتیژیی دەبن، لەوانەش تێکدان و ئاگرتێبەرردان، چونکە دەبینێت کە لە فلیمکارتۆنەکاندا ئەوەی دێتەبەردەمی دەیسوتێنێت. هەروەها منداڵان هاوشێوەی فلیمکارتۆنەکان کاتێک تورەدەبن، فێردەبن کە ددانەکانیان جیڕ بکەنەوەو لەیەکی بخشێنن وەک پەرچەکردارێکی جەستەیی وەک دەربڕینی توندی هەڵچونەکانی بەرامبەر بەو بابەتەی کە روویداوە.

- توێژینەوەی (القواسمه و الخزاعله، 2017)

توێژینەوەکە بەناونیشانی (مظاهر العنف التی تتضمنها برامج الأطفال فی قناة Spece Toon الفظائية لدى طلبة المرحلة الابتدائية بالاحساء فی المملكة العربية السعودية (دراسة تحليلية)). ئامانجی توێژینەوەکە زانینی شێواز و فۆرمەکانی توندوتیژییە کە لەبەرنامەکانی منداڵانن لەکەناڵی سەتەلایەتی Spece Toon. بۆئەم مەبەستەش ڕێبازی وەسفی ناخشیکاری بەکارهاتووە و دەرئەنجامەکانیش دەریانخستووە (1226) نیشانەی توندوتیژیی لەشیکردنەوەی ناوەڕۆکی (236) ئەڵقەدا بەدیکراوە و نیشانەکانی توندوتیژیی بەوجۆرە بوو:

توندوتیژیی جەستەیی (36,8%) بوو، توندوتیژیی وتراو ڕێژەی (23,4%) بەدەستهێنا، توندوتیژیی ئابووریش (14,6%)و توندوتیژیی هێماییش ڕێژەی (13,5%)ی بەدەستهێنا و توندوتیژیی دەروونییش ڕێژەی (11,7%)ی بەدەستهێناوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# بەشی سێیەم

# ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا توێژەر ئەو هەنگاوە ڕێکاریانە دەخاتەڕوو کە لەم توێژینەوەدا ئەنجامدراوە:

## یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە وەسفی ناخشیکاریە. ئەم شێوازە توێژینەوەیە دەتوانێت ئاڕاستەکانی نێو بابەتەکە دەستنیشان بکات و تایبەتمەندییەکانی بەشێوەیەکی زانستیی ڕێکخراو دەربخات, نەک بەتەنها پشت بەبۆچونە خودییەکان و شیکاری هەڕەمەکیی بەستێت، بەڵکو ئەو خزمەتە گرنگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک پێشکەشی دەکات لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەتوانێت پێشبینی ئەوەبکات کە نوسەری بابەتەکە مەبەستی چ بیرۆکەیەکە و دەیەوێت چ چەمکێک لەلای وەرگر بچێنێت (طعيمة، 1987، لا 3-13). شێوازێکی ڕێکخراوە بۆ نامەیەکی دیاریکراو، ئامراز و تێبینیی و شیکردنەوەی ڕەفتارێکی ئاشکرایە لە پەیوەندیکردن لەنێوان کۆمەڵێک کە هەڵدەستن بە کرداری پەیوەندیکردن، شیکردنەوەی ناوەڕۆک ڕێگایەکە بۆ توێژینەوە و شیکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەندیکردن بە شێوازێکی ڕێکخراو و بابەتیانە و چەندێتیی بەئامانجی پێوانەکردنی گۆڕاوەکان (جوهری و عبدالله، 1998، لا 37) و گونجاویشە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی. هەربۆیە لەم توێژینەوەدا، شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ زانینی جۆرو شێواز و ڕێژەی توندوتیژیی لەنێو بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکانی منداڵاندا و ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی بەرنامەکان و بەژمارەکردنیان ئەنجامدراوە، چونکە گونجاوە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە و تیایدا شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامانەی منداڵان دەکرێت کە زۆرترین خواستی لەسەرە، بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کەلەگەڵ منداڵەکاندا ئەنجامدراون.

## دووەم : کۆمەڵگای توێژینەوەکە

سەرجەم ئەو بابەت و بەرنامە تەلەڤزیۆنیانە دەگرێتەوە کە لەلایەن منداڵانەوە لە کەناڵە ناوخۆیی و جیهانیەکانەوە تەماشا دەکرێن و توێژەر لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی مەیدانییەوە لەگەڵ (504) منداڵ لە پۆلەکانی (چوارەم و پێنجەم و شەشەم) واتە (بازنەی دووەم) ئاشکرای کردوون کە دابەشبوون بەسەر (26) قوتابخانەی ناو شارۆچکەی کۆیە بۆ ساڵي خوێندني(2018-2019) .

## سێیەم : سامپڵی توێژینەوەکە

سامپڵی توێژینەوەکە ئەو بەرنامانەن, کە توێژەر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ ئاشکرای کردوون کە منداڵەکان خودی خۆیان وەک بەرنامەو بابەتی بایەخپێدراو دەستنیشانیانکردوون. لەو چاوپێکەوتنانەدا، توێژەر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

پرسیاری لێکردوون کە (ئایا تەماشای چ بەرنامەیەکی منداڵان دەکەیت؟). هەر منداڵێک ئازادبووە لە وتنی ژمارەی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە تەماشای کردوون، دواتر توێژەر دوای کۆکردنەوەی داتاکانی چاوپێکەوتنەکان بۆی دەرکەوت کە منداڵەکان بە ڕێژەی جیاواز تەماشای (58 بەرنامەی جیاجیا) دەکەن. بڕوانە خشتەی (1).

دواتر توێژەر بڕیاریدا کە شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ ئەو بەرنامە و بابەتانە بکات کە (5%)ی منداڵەکان تەماشای دەکەن، چونکە توێژەر پێیوایە ئەو بابەتەی لەو ڕێژەیە زیاتر تەماشای بکرێت لە لایەن منداڵەکانەوە ئەوا دەکرێت کاریگەریی دروستبکات. هەر بۆیە سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەی کۆتایی بریتی بوون لە (830 خولەک) واتە (13 کاتژمێر) و (50 خولەک) کە دەکاتە (50 بابەت) و دابەشبوون بەسەر (3) فلمی ئەنیمەیشن و (47 ئەڵقە)ی فلیمکارتۆن لە (9 بابەت و بەرنامەی جیاجیا)دا. هەروەک لە خشتەی (1)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (1)**

**خشتەی سامپڵی توێژینەوەکە**

| ژ | بەرنامە شیکراوەکان | کاتی خایەنراو | ژمارەی بەرنامەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | ئانا و ئالسا frozen | 1:49 | یەک فلمی ئەنیمەیشن |
| 2 | ماکوین | 1:42 | یەک فلمی ئەنیمەیشن |
| 3 | سپایدەرمان | 1:34 | 7 ئەڵقە |
| 4 | سۆفیا | 1:32 | 4 ئەڵقە |
| 5 | Shaun the ship شوانی مەڕەکان | 1:31 | 13 ئەڵقە |
| 6 | سپۆنج بۆب | 1:30 | 6 ئەڵقە |
| 7 | تۆم و جیری | 1:29 | 12 ئەڵقە |
| 8 | Ben 10 | 1:28 | 5 ئەڵقە |
| 9 | سەندریلا | 1:15 | یەک فلیم کارتۆن |
| | کۆی گشتی | 13:50 | 50 بەرنامە |

## چوارەم: ئامرازی توێژینەوەکە :

لەبەر نەبوونی ئامرازێکی پێوانەیەکی ئامادە و گونجاوی تایبەت بە (ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکانی منداڵان لە دروستکردنی ڕەفتاری توندوتیژیی لای منداڵانی کورد) بە زمانی کوردیی کە گونجاوبێت لەگەڵ تایبەتمەندێتیی کۆمەڵگای توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوەکەدا، توێژەر هەستا بەئامادەکردنی پێوانەیەک بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەت و بەرنامەکانی منداڵان. پرۆسەی ئامادەکردنی ئامرازەکەش بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بوو:

1. گەڕانەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوو.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

2. تێبینیکردن و تەماشاکردنی بەرنامەکانی منداڵان لەلایەن توێژەرەوە بەمەبەستی داڕشتنی بڕگەی گونجاو لەگەڵ ئامانج و کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا.
3. گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی تیۆریی سەبارەت بەشیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکانی منداڵان بەمەبەستی داڕشتنی بڕگەکانی پێوانەکە کە گونجاوبێت لەگەڵ ئامانج و کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا.
4. دواتر توێژەر توانی فۆڕمێکی شیکردنەوەی ناوەڕۆک ئامادەبکات کە پێکهاتبوو لە (4) توێژ.

پێکهاتەکانی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:

- ئامانجی شیکردنەوە: خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆکی بەرنامەکانی منداڵان کە چجۆرە ڕەفتارێکی توندوتیژیی لەخۆ دەگرێت.
- یەکەی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا توێژەر( بیرۆکە – Theme)ی بەکارهێناوە وەک یەکەی توێژینەوە.
- یەکەی پێوانەکردن: بەمەبەستی پێوانەکردنی، توێژەر پەنای بردووە بۆ بەکارهێنانی دووبارەبونەوە (Frequency)، چونکە بەهێزیی هەر توێژێک یان بیرۆکەیەک لە ریِگەی دووبارەبونەوەی بەشێوەیەکی سەرەکیی دیارییدەکرێت.
- توێژەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک لە دوو پرسیار پێکدێت:

توێژی چی وتراوە: ئەو توێژانەیە کە کاردەکات لەسەر وەسفی ناوەڕۆکی بەرنامەکانی منداڵان کە ئایا ناوەڕۆکێکی توندوتیژە یان توندوتیژ نییە.

توێژی چۆن وتراوە: ئەو توێژانەیە کە وەسفی ئەو شیوازانە دەکات کە گوزارشتی پێکراوە وەک؛ ڕەفتارێکی توندوتیژیی یان ئەو ئامرازانەی کە بەکارهاتوە یان هێما و ئاماژەن بۆ توندوتیژی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## پێنجەم: دەستنیشانكردنی ڕاستگۆیی پێوانە:

توێژەر هەستا بەدەستنیشانكردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت (Face validity) بۆ پێوانەكە لە ڕێگای وەرگرتنی ڕاوبۆچونی شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن[1] كە (شەش) شارەزابوون و پێوانەكە بەشێوەی ئەلكترۆنیی دابەشكرا. توێژەر، پێوانەكەی بۆ ناردن و داوای لێیان كرد كە ئاستی گونجاویی و نەگونجاویی بڕگەكان دیاری بكەن و هەر گۆڕانكارییەك كە پێیان باشە بیخەنەڕوو. دوای كۆكردنەوەی فۆرمەكان و بەپشتبەستن بە بیروڕای شارەزایان، چەند گۆڕانكارییەك ئەنجامدرا وەك؛ زیادكردنی هەندێك بڕگە و باشتركردنی هەندێكیان لەرووی زمانەوانییەوە.

## شەشەم: دەستنیشانكردنی جێگیریی پێوانە:

جێگیریی پێوانە، بە واتای ئەوەدێ كە تا چەند بڕگەكانی پێوانەكە بەشێوەیەكی ورد و ڕێكخراو و یەكسان پێوانەی دیاردەكە دەكەن (علام، 2000، لا 131). لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر جێگیریی پێوانەكەی بەڕێگای (ڕێككەوتن بەتێپەڕبوونی كات – الاتساق عبر الزمن) و دووبارەكردنەوەی پرۆسەی شیكردنەوەی بەشێك لە بەرنامەكان ئەنجامدا كە یەكێكە لە ڕێگاكانی دەنستنیشانكردنی گونجاویی ناوەكی پێوانە كە دوای تێپەڕبوونی (30) ڕۆژ بەسەر یەكەم شیكردنەوەدا، جارێكی دیكە لەلایەن هەمان كەسەوە شیكردنەوەی دووەم بۆ بەرنامە و بابەتەكانی سامپڵی توێژینەوەكە ئەنجامدەدرێت.

بۆ ئەو مەبەستە، توێژەر هەستا بەشیكردنەوەی ناوەڕۆك بۆ (90) خولەك، واتە (1:30) كە دەكاتە (10,8%)ی سامپڵی توێژینەوەكە. دواتر دوای تێپەڕبوونی (30) سي ڕۆژ بەسەر یەكەم شیكردنەوەدا، جارێكی دیكە شیكردنەوەی دووەم بۆ بەرنامە و بابەتەكان ئەنجامدرا. واتە جارێكی دیكە دووبارە شیكردنەوەی ناوەڕۆكی بۆ ئەنجامدانەوە و دوای جێبەجێكردنی هاوكێشەی (هۆڵستی) بۆ هەردوو شیكردنەوەكە، ئەم ئەنجامانە بەدەستهات:

جێگیریی بە هاوكێشەی هۆلستی = 2ت / ن1 + ن2

ت: بریتیە لە ژمارەی ئەو بڕگانەی كە (هەمان توێژەر لەدووجار و كاتی جیاوازدا) بەكاری هێناون.

ن1: ژمارەی ئەو بڕگانەی كە لەیەكەمجاردا شیكردنەوەی بۆكراوە.

ن2: ژمارەی ئەو بڕگانەی كە لەدووەمجاردا شیكردنەوەی بۆكراوە.

---

1 شارەزاكانی ڕاگەیاندن پێكدێن لە هەریەك لە :

1. پ.ی.د. ابراهیم سعید, زانكۆی سلیمانی – كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان – بەشی ڕاگەیاندن.
2. پ.ی.د. حكیم عوسمان حمید , كۆلیجی تەكنیكی كارگێری- زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی.
3. پ.ی.د. رضوان خضر علی, زانكۆی سەلاحەددین-كۆلێژی ئاداب- بەشی ڕاگەیاندن.
4. پ.ی.د. نەزاكەت حسین, زانكۆی سلیمانی – كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان – بەشی ڕاگەیاندن.
5. د. صادق حمه غریب صالح , زانكۆی سەلاحەددین-كۆلێژی ئاداب- بەشی ڕاگەیاندن.
6. د.كاروان محمد حسن , زانكۆی سلیمانی – كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان – بەشی ڕاگەیاندن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

• ئاستی جێگیریی بەرێککەوتن بەتێپەڕبوونی کات لە لایەن خودی توێژەر لەدوو کاتی جیاوازدا بەمجۆرە بوو:

=2 ⁎ 31/ 33+39

=62/ 72

=0,86

ئەنجامەکە دەریخست کە ڕێژەی جێگیری، بریتی بوو لە (0.86) کە لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی ڤەسەند و باشە.

## حەوتەم: ئەنجامدانی توێژینەوەکە

دوای ئەوەی پێوانەی توێژینەوەکە راستگۆیی رواڵەتیی بۆ ئەنجامدرا و جێگیریی بۆ دەستنیشانکرا، توێژەر هەستا بەشیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ بەرنامەکانی منداڵان کە لەلایەن منداڵانەوە زۆرترین خواستی لەسەرە. لەدوای ئەو هەنگاوانەی لای سەرەوەش، توێژەر هەستا بەشیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ سامپڵی توێژینەوەکە. شێوەی کۆتایی سامپڵی توێژینەوەکەش بریتیبوون لە (830 خولەک) واتە (13 کاتژمێر) و (50 خولەک) کە دەکاتە (50 بابەت) کە دابەشبوون بەسەر (3 فلم)ی ئەنیمەیشن و (47 ئەڵقە)ی فلیمکارتۆن لە (9 بابەت و بەرنامە) وەک لە خشتەی (1)دا روونکراونەتەوە.

## بەشی چوارەم:

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان

لەم بەشەدا توێژەر هەڵدەستێت بەخستنەڕووی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، هەروەک لەخوارەوە هاتووە:-

**یەکەم: ئامانجی یەکەم کە بریتی بوو لە (ئاشکراکردن و خستنەڕووی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە منداڵەکان بەگشتیی تەماشای دەکەن)**, ئەنجامەکان دەریانخست کە منداڵەکان بە گشتیی بەڕێژەی جیاواز تەماشای (58 بەرنامە)ی جیاجیا دەکەن. فلمی ئەنیمەیشنی (Frozen) بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی 10,69%ی منداڵەکان تەماشای دەکەن کە زۆرترینیان لە رەگەزی کچانن. فلیمکارتۆنی (بین تین) بەپلەی دووەم دێت کە بووەتە جێی بایەخی 9,38%ی منداڵەکان و زۆرینەشیان لە رەگەزی کوڕانن. لەو پلەبەندییەدا (12 فلیمکارتۆن و بەرنامە) پلەی کۆتاییان بەدەستهێناوە و هەریەکێکیان ڕێژەی تەماشاکاری لە نێو منداڵەکاندا 0,05%ە کە ئەوانیش بەرنامە و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

فلیمکارتۆنەکانی (Angry beard، باربی، سالی، سمۆرەکان، چاودێر، گرین دایزەر، گۆرانی، فلۆنا، مارێنیت، ماوکلی، نیلز، هلوکیتی)یە، بڕوانە خشتەی (2).

**خشتەی (2)**

**بەرنامە تەماشاکراوەکان لەلایەن منداڵەکانەوە بەگشتی**

| ز. | بەرنامەکان | پۆلی 4 | | پۆلی 5 | | پۆلی 6 | | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | | |
| 1 | frozen | 1 | 52 | 3 | 54 | 1 | 68 | 179 | %10,69 |
| 2 | Ben 10 | 49 | 1 | 56 | – | 47 | 4 | 157 | %9,38 |
| 3 | سۆفیا | ––– | 49 | 5 | 54 | 1 | 45 | 154 | %9,20 |
| 4 | شوانی مەڕەکان | 30 | 22 | 35 | 23 | 21 | 23 | 154 | %9,20 |
| 5 | سەندریلا | 4 | 51 | 6 | 43 | 1 | 47 | 152 | %9,08 |
| 6 | ماکوین | 47 | 6 | 53 | 2 | 37 | 1 | 146 | %8,72 |
| 7 | سپایدەرمان | 40 | 2 | 42 | –– | 41 | 2 | 127 | %7,59 |
| 8 | تۆم و جیری | 24 | 19 | 27 | 10 | 20 | 18 | 118 | %7,05 |
| 9 | سپۆنج بۆب | 18 | 7 | 27 | 10 | 23 | 13 | 98 | %5,85 |
| 10 | باتمان | 19 | 2 | 23 | –––– | 15 | 2 | 61 | %3,64 |
| | دەنکە هەنارە | ––– | 18 | 2 | 12 | 2 | 18 | 52 | %3,10 |
| 12 | ماشا | 2 | 10 | 2 | 8 | 2 | 3 | 27 | %1,61 |
| 13 | ڕەپۆنزەڵ | – | 5 | 1 | 7 | –– | 7 | 20 | %1,19 |
| 14 | چیرۆک | – | 5 | 2 | 4 | 1 | 5 | 17 | %1,01 |
| 15 | Mr. Bean | 3 | 1 | 3 | 4 | 1 | 4 | 16 | %0,95 |
| 16 | پیپای بەراز | – | 7 | 1 | 3 | – | 5 | 16 | %0,95 |
| 17 | کایۆ | – | –– | 5 | 4 | 2 | 3 | 14 | %0,83 |
| 18 | شریک و فیۆنا | – | 2 | 7 | 1 | 1 | 2 | 13 | %0,77 |
| 19 | بەرنامەی فێرکاری | – | 1 | – | 2 | – | 8 | 11 | %0,65 |
| 20 | کلارینس | 1 | 1 | 3 | 1 | 4 | 1 | 11 | %0,65 |
| 21 | ئاڤاتار | 1 | 1 | 3 | – | 2 | 1 | 8 | %0,47 |
| 22 | Alex | – | – | 5 | – | 1 | 1 | 7 | %0,41 |
| 23 | Pink Panther | 2 | 1 | – | – | 2 | 2 | 7 | %0,41 |
| 24 | T- Titans | – | – | 3 | – | 3 | 1 | 7 | %0,41 |
| 25 | دۆرا | –– | 4 | – | 2 | –– | 1 | 7 | %0,41 |
| 26 | سۆپەرمان | 1 | ––– | 3 | ––– | 3 | –– | 7 | %0,41 |
| 27 | سێ ورچەکە | –– | 1 | 1 | – | 2 | 3 | 7 | %0,41 |
| 28 | مشکۆ | –– | ––– | 1 | 2 | 1 | 3 | 7 | %0,41 |
| 29 | ئۆسکار | 2 | 2 | 1 | – | 2 | – | 7 | %0,41 |
| 30 | گامبۆڵ | – | 1 | 2 | – | 3 | – | 6 | %0,35 |
| 31 | میکی ماوس | – | 3 | ––– | – | 1 | 2 | 6 | %0,35 |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| %0,29 | 5 | – | 1 | 1 | 2 | 1 | – | تایۆ | 32 |
| %0,29 | 5 | 2 | 1 | – | – | 2 | – | سەنفورەكان | 33 |
| %0,29 | 5 | | 1 | – | 2 | 1 | 1 | عەدنان و لینا | 34 |
| %0,17 | 3 | – | – | 1 | – | 2 | – | بەرنامەی فێربونی زمان | 35 |
| %0,17 | 3 | – | 2 | – | 1 | – | – | تەرەزان | 36 |
| %0,17 | 3 | – | 2 | – | 1 | – | – | العم جدو | 37 |
| %0,11 | 2 | – | – | 1 | – | 1 | – | بیڵی | 38 |
| %0,11 | 2 | – | – | –– | 2 | – | – | تۆم سوێر | 39 |
| %0,11 | 2 | – | – | 2 | – | – | – | دەنكە خۆڵ | 40 |
| %0,11 | 2 | 1 | – | – | – | – | 1 | ڕۆری | 41 |
| %0,11 | 2 | – | – | – | – | – | 2 | زازی | 42 |
| %0,11 | 2 | – | – | – | 1 | – | 1 | كۆنفۆ پاندا | 43 |
| %0,11 | 2 | – | – | – | – | 2 | – | نهینیەكتنی جوجو | 44 |
| %0,11 | 2 | 1 | – | 1 | – | – | – | هایدی | 45 |
| %0,11 | 2 | – | 1 | – | – | – | 1 | ئەنجلۆ | 46 |
| %0,05 | 1 | – | 1 | – | – | – | – | Angry beard | 47 |
| %0,05 | 1 | 1 | – | – | – | – | – | باربی | 48 |
| %0,05 | 1 | – | – | 1 | – | – | – | سالی | 49 |
| %0,05 | 1 | – | – | 1 | – | – | – | سمۆرەكان | 50 |
| %0,05 | 1 | – | – | – | – | – | 1 | چاودێر | 51 |
| %0,05 | 1 | – | 1 | – | – | – | – | گرین دایزەر | 52 |
| %0,05 | 1 | – | – | – | – | 1 | – | گۆرانی | 53 |
| %0,05 | 1 | 1 | – | – | – | – | – | فلۆنا | 54 |
| %0,05 | 1 | 1 | – | – | – | – | – | مارێنیت | 55 |
| %0,05 | 1 | – | – | – | – | – | 1 | ماوكلی | 56 |
| %0,05 | 1 | – | – | – | – | – | 1 | نیلز | 57 |
| %0,05 | 1 | – | – | – | – | 1 | –– | هلو كیتی | 58 |
| %100 | 1673 | 300 | 250 | 254 | 331 | 285 | 253 | **كۆی گشتی** | |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**دووەم:** ئامانجی دووەم کە بریتي بوو لە(شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن منداڵانەوە) بەپێی توێژی (جۆری کەرەستەی بەکارهێنراو کە نیشانەیە بۆ توندوتیژی)و دەستنیشانکردنی ئەو بەرنامانەی کە زۆرترین جار دووبارەبونەوەی لەمجۆرە توندوتیژیەدا هەیەو دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بڕگەکانەی کە زۆرترین دووبارە بوونەوە و ڕێژەی لەم توێژەدا بەدەستهێناوە، دەرکەوت کە فلیمکارتۆنی (سپایدەرمان) بەپلەی یەکەم دێت لەبەکارهێنانی کەرەستە و کرداری توندوتیژییدا کە (67 جار) کەرەستەی جۆراوجۆر بەکارهاتوە کە دەکاتە ڕێژەی (41,35%)ی کەرەستەکان. لەدوای ئەویش فلیمکارتۆنی (تۆم و جێری) بەپلەی دووەم دێت کە تیایدا (46 جار) کەرەستە بەکارهاتوە کە دەکاتە ڕێژەی (28,39%)ی کەرەستە بەکارهاتوەکان. هەروەها فلیمکارتۆنی (Ben 10) بەپلەی سێیەم دێت کە (40 جار) دووبارەبونەوەی هەیە کە دەکاتە ڕێژەی (24,69%)ی کەرەستە بەکارهاتوەکان. بەپێچەوانەوە، لة هەردوو فلمکارتۆنی (سۆفیا و سپۆنج بۆب)دا هیچ جۆرە کەرەستەیەکی تایبەت بە توندوتیژیی بەکارنەهاتووە.

سەبارەت بە کەرەستە بەکارهاتوەکانیش، کەرەستەکانی (چەک و تەقێنەر) بەپلەی یەکەم دێت کە لەکۆی فلیمکارتۆنەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا (49 جار) دووبارەبوەتەوە کە دەکاتە ڕێژەی (30,24%)ی کەرەستەکان. کەرەستەی (ئاگر و تیشک) بەپلەی دووەم دێت کە (39 جار) دووبارە بووەتەوە کە دەکاتە ڕێژەی (24,07%)ی کەرەستە بەکارهاتوەکان. کەرەستەی (ڕەق و توند) پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە و (22 جار) دووبارەبووەتەوە کە دەکاتە ڕێژەی (13,58%)ی کەرەستەکان. کەرەستەکانی (بەرد و خشت)دوا پلەیان بەدەستیهێناوە کە تەنها (5 جار) دووبارەبوەتەوە و دەکاتە ڕێژەی (3,08%)ی کەرەستەکان. بڕوانە خشتەی (3).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## خشتەی (3)

## تویژی جۆری کەرەستەی بەکارهێنراو کە نیشانەیە بۆ توندوتیژی

| | کەرەستەی بەکارهێنراو بۆ توندوتیزی | frozen | Ben 10 | سۆفیا | شۆوانی مەڕەکان | سەندریلا | ماکوین | سپایدەرمان | تۆم و جێری | سپۆنج بۆب | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چەک و تەقێنەر | – | 12 | – | – | – | – | 28 | 9 | – | 49 | 30,24 % |
| 2 | ئاگر و تیشک | –– | 16 | – | – | – | – | 19 | 4 | – | 39 | 24,07 % |
| 3 | کەرەستەی رەق و توند | 1 | 2 | – | 1 | 1 | –– | 6 | 11 | – | 22 | 13,58 % |
| 4 | دروستکراوی تر | 3 | 4 | – | – | – | 1 | 7 | 5 | – | 20 | 12,34 % |
| 5 | چەقۆ و چەتاڵ | – | –– | – | 1 | – | – | 4 | 3 | – | 8 | %4,93 |
| 6 | دار | – | 4 | – | 1 | – | – | – | 2 | – | 7 | %4,32 |
| 7 | پەت | – | –– | – | – | – | – | –– | 6 | – | 6 | %3,70 |
| 8 | قرتێنەر وەک مقەست | – | –– | – | – | – | – | –– | 6 | – | 6 | %3,70 |
| 9 | بەرد و خشت | – | 2 | – | – | – | – | 3 | –– | – | 5 | %3,08 |
| | کۆی گشتی | 4 | 40 | – | 3 | 1 | 1 | 67 | 46 | – | 162 | |
| | **ڕێژەی سەدی** | %2,46 | 24,69 % | 0 % | 1,85 % | 0,6 %1 | 0,61 % | 41,3 %5 | 28,3 %9 | 0 % | | %100 |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**سێیەم:** ئامانجی سێیەم, کە بریتییە لە (شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن منداڵانەوە, بەپێی توێژی (توندوتیژیی وتراو) و دەستنیشانکردنی ئەو بەرنامانەی کە زۆرترین جار دووبارەبونەوەی هەیە لەمجۆرە توندوتیژییە و دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو برگانەی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە و ڕێژەی بەدەستهێناوە لەم توێژەدا، دەرکەوت کە فلیمکارتۆنی (سپایدەرمان) زۆرترین دووبارەبونەوەی هەیە لەتوندوتیژی وتراودا کە (76 جارە) بە ڕێژەی (29,11%) هەربۆیە لەم توێژەدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. فلیمکارتۆنی (Ben 10)یش بەپلەی دووەم دێت کە بڕگەکانی ئەم توێژە (62 جار) دووبارە بووەتەوە کە دەکاتە ڕێژەی (23,76%). فلیمکارتۆنی (تۆم و جێر) بەپلەی سێیەم دێت کە (44 جار) دووبارە بوونەوەی هەیە کە دەکاتە (16,85%)ی کۆی ڕێژەکە. فلمی ئەنیمەیشنی (Frozen) ثلةی ضوارةمی بەدەستهێناوە کە تەنها (4 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (1,53%)ی ڕێژەی توێژی توندوتیژیی وتراو.

سەبارەت بەپلەبەندکردنی بڕگەکانی (توندوتیژیی وتراو) بەپێی ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان و بەپێی داتاکان کە توێژەر کۆی کردونوتەوە بڕگەی (هەڕەشەکردن بەوتن) بەرزترین پلەی بەدەستهێناوە کە (66 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە و ڕێژەی (25,28%)ی بەرکەوتووە. دوای ئەویش بڕگەی (هاوارکردن و قیژاندن) بەپلەی دووەم دێت کە (62 جار) دووبارەبووەتەوە و ڕێژەی (23,75%) توێژی توندوتیژیی وتراوی بەدەستهێناوە. بڕگەی (گاڵتەپێکردن و رووشکاندن– اهانة)یش بەپلەی سێیەم دێت و (54 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (20,68%)ی ڕێژەی توێژی توندوتیژیی وتراو. بڕگەی (دەربڕینی رق بەزارەکیی و بەنووسین) بە دوا پلەی دێن کە تەنها (21 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە و دەکاتە (8,04%) ڕێژەی توندوتیژی وتراو، بڕوانە خشتەی (4).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## خشتەی (4)

## خشتەی توێژی توندوتیژیی وتراو

| ز. | توندوتیژیی وتراو | frozen | Ben 10 | سۆفیا | شوانی مەڕەکان | سەندریلا | ماکوین | سپایدەرمان | تۆم و جێری | سپۆنج بۆب | کۆ ی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەرەشەکردن بە وتن | –– | 33 | 1 | –– | 2 | 2 | 23 | 5 | – | 66 | %25,28 |
| 2 | هاوارکردن و قیژاندن | 2 | 4 | 3 | 3 | 7 | 1 | 23 | 19 | – | 62 | %23,75 |
| 3 | گاڵتەپێکردن و رووشکاندن–اهانە | –– | 10 | 3 | 6 | 4 | 10 | 7 | 14 | – | 54 | %20,68 |
| 4 | درۆکردن و هەڵخەڵەتاندن بە وتن | 2 | 1 | 5 | – | 2 | – | 5 | 2 | 9 | 26 | %9,96 |
| 5 | جنێودان و ناوناتۆرە | – | 9 | – | – | 7 | – | 9 | 1 | 6 | 32 | %8,81 |
| 6 | دەربڕینی رق بە زارەکی و نوسین | – | 5 | 2 | – | 2 | – | 9 | 3 | – | 21 | %8,04 |
| | کۆ ی گشتی | 4 | 62 | 14 | 9 | 24 | 13 | 76 | 44 | 15 | 261 | |
| | | 1,53 % | 23,76 % | 5,36 % | 3,44 % | 9,19 % | 4,98 % | 29,11 % | 16,85 % | 5,74 % | | %100 |

**چوارەم:** ئامانجی چوارەم کە بریتیە لە (شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن منداڵانەوە بەپێی توێژی توندوتیژیی کرداری و جوڵەیی)، دوای کۆکردنەوەی داتاکان دەرکەوت کە لەم توێژەیەدا فلیمکارتۆنی (تۆم و جێری) بەرزترین پلەی بەدەستهێناوە لەئەنجامدانی توندوتیژیی کرداری و جوڵەیی، بەجۆرێک (432 جار) دووبارەبونەوەی هەیە کە دەکاتە (31,57%)ی ڕێژەی ئەمجۆرە توندوتیژیە. فلیمکارتۆنی (سپایدەرمان) بەپلەی دووەم دێت لەبوونی توندوتیژیی کرداری و جوڵەیی کە (426 جار) دووبارەبونەوەی هەیە کە دەکاتە (31,14%)ی ڕێژەکە. فلیمکارتۆنی (Ben 10) بەپلەی سێیەم دێت کە (248 جار) دووبارە بونەوەی هەیە و ڕێژەی (18,12%)ی توندوتیژییە کردارییەکانی تیادایە. فلیمکارتۆنی(ماکوین) دوا پلەی بەدەستهێناوە کە تەنها (16 جار) دووبارەبونەوەی هەیە کە دەکاتە (1,16%)ی ڕێژەی توێژی توندوتیژیی کرداری و جوڵەیی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

سەبارەت بەپلەبەندکردنی بڕگەکانی (توندوتیژیی کرداری و جوڵەیی) بەپێی ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان و دوای کۆکردنەوەی داتاکان دەرکەوت کە کرداری (پیاکێشان) بەپلەی یەکەم دێت کە (198 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (14,47%)ی ڕێژەی کردارە توندوتیژەکان. کرداری (پەلاماردان و دەستدرێژی) بەپلەی دووەم دێت کە (101 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە ڕێژەی (7,38%)ی کردارە توندوتیژئامێزەکان. کرداری (شوێن وێرانکردن) پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە کە (97 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (7,09%)ی ڕێژەی کردار و جوڵە توندوتیژییەکان. دوا پلە، هەردوو کرداری (تەڵەنانەوە و جلدڕاندن) بەدەستیانهێناوە کە هەریەکێکیان (2 جار) دووبارەبوونەوەیان هەیە کە دەکاتە (0,14%)ی ڕێژەی کردارە توندوتیژییەکان، بڕوانە خشتەی (5).

**خشتەی (5)**

**خشتەی تویژی توندوتیژیی کرداری و جوڵەیی**

| ژ. | توندوتیژي کرداری و جوڵەیی | frozen | Ben 10 | سۆفیا | شوانی مەڕەکان | سەندرێلا | ماکوین | سپایدەرمان | تۆم و جێری | سپۆنج بۆب | کۆ ی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پیاکێشان | 2 | 55 | | 8 | 5 | 7 | 40 | 63 | 18 | 198 | %14,47 |
| 2 | پەلاماردان و دەستدرێژی | – | 17 | – | 3 | 3 | 3 | 51 | 23 | 1 | 101 | %7,38 |
| 3 | شوێن وێرانکردن | 2 | 13 | 3 | 6 | –– | – | 40 | 22 | 11 | 97 | %7,09 |
| 4 | ڕاونان | 2 | 11 | 2 | 3 | 3 | – | 14 | 51 | 6 | 92 | %6,72 |
| 5 | شتشکاندن | – | 7 | 6 | 6 | 2 | – | 31 | 17 | 5 | 74 | %5,40 |
| 6 | هەوڵی کوشتن و لەناوبردن | – | 20 | – | – | – | – | 43 | 5 | – | 68 | %4,97 |
| 7 | ئاگرتێگرتن | – | 21 | – | – | – | – | 28 | –– | – | 49 | %3,58 |
| 8 | درۆکردن و هەڵخەڵەتاندن بە جوڵە | 1 | –– | 2 | –– | 2 | –– | 8 | 30 | 2 | 45 | %3,28 |
| 9 | تۆڵەسەندنەوە بە کردار | – | 1 | – | – | – | – | 14 | 26 | 1 | 42 | %3,07 |
| 10 | هەڵدانەدەرەوە یان دەرکردن | 2 | – | – | 6 | 2 | – | 5 | 21 | 5 | 41 | %2,99 |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| %2,92 | 40 | 2 | 21 | –– | – | 3 | 5 | 2 | 7 | – | گێچەڵ ٘پێکردن و شەرپێگێران و بێزارکردن | 11 |
| %2,70 | 37 | 1 | 4 | 17 | – | – | – | – | 15 | – | تەقاندنەوە | 12 |
| %2,55 | 35 | 3 | 9 | 6 | – | 1 | 4 | 2 | 8 | 2 | راکێشان | 13 |
| %2,48 | 34 | – | 10 | 16 | – | 1 | – | – | 7 | – | شەقلێدان | 14 |
| %2,41 | 33 | 4 | 16 | – | – | 2 | 5 | 3 | 3 | –– | دزین و رفاندن و دەستگرتن بەسەر شتی یەکتردا | 15 |
| %2,33 | 32 | 1 | 10 | 14 | – | – | – | – | 7 | – | پیاچەقاندن | 16 |
| %2,33 | 32 | 2 | –– | 14 | – | 2 | –– | 4 | 8 | 2 | فێڵکردن و هەڵخەڵەتاندن | 17 |
| %2,26 | 31 | – | 4 | 14 | 1 | 2 | 2 | – | 8 | – | پاڵنان | 18 |
| %2,04 | 28 | | 6 | 18 | – | – | – | – | 3 | 1 | زللەلێدان | 19 |
| %1,97 | 27 | – | 7 | 7 | 1 | 1 | –– | 2 | 8 | 1 | بەندکردن و دەرگا لەسەر داخستن | 20 |
| %1,82 | 25 | 1 | 12 | – | – | – | 3 | –– | 7 | 2 | هەڵدانەخوارەوە | 21 |
| %1,68 | 23 | 1 | 10 | 5 | – | 2 | 2 | 3 | – | – | پیلاندانان بۆ کاری خراپە | 22 |
| %1,38 | 19 | – | 6 | 11 | – | – | 2 | – | – | – | بە پەتگرتن و بەستنەوە | 23 |
| %1,09 | 15 | –– | 1 | 3 | 3 | 2 | – | – | 6 | – | خۆبەگەورەزانین | 24 |
| %1,09 | 15 | 1 | 6 | 3 | – | – | – | – | 4 | 1 | هەڵدانە ناو ئاو | 25 |
| %0,80 | 11 | 1 | 6 | | – | 2 | 1 | 1 | – | – | رێلێگرتن | 26 |
| %0,80 | 11 | 2 | 1 | 5 | – | – | 3 | – | – | – | سیخوڕییکردن | 27 |
| %0,73 | 10 | –– | 4 | – | – | – | – | – | 6 | – | پارچەپارچەکردن | 28 |
| %0,73 | 10 | 2 | 4 | 4 | – | – | – | – | – | – | قەپلێگرتن | 29 |
| %0,73 | 10 | – | – | 9 | – | – | 1 | – | – | – | هەڕەشە بە جوڵە | 30 |
| %0,73 | 10 | 2 | 2 | –– | 1 | 1 | 4 | – | – | – | یەکتر پیسکردن یان شوێنپیسکردن | 31 |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| %0,65 | 9 | – | 5 | –– | – | 2 | 1 | –– | 1 | – | هەوڵدان بۆ خواردنی یەکتر | 32 |
| %0,43 | 6 | – | 6 | – | – | – | – | – | – | – | بریندارکردن و پێست رووشاندن | 33 |
| %3,58 | 6 | 49 | 7 | 19 | 6 | | 2 | 9 | 5 | 1 | ترساندن | 34 |
| %0,21 | 3 | – | 1 | | – | –– | 2 | – | – | – | شتدرِاندن | 35 |
| %0,14 | 2 | –– | 2 | – | – | – | – | – | – | – | تەڵەنانەوە | 36 |
| %0,14 | 2 | – | – | – | – | 2 | – | – | – | – | جل دڕاندن | 37 |
| %0,14 | 2 | – | 2 | – | – | – | – | – | – | – | هەڵواسین | 38 |
| | 1368 | 79 | 432 | 426 | 16 | 42 | 76 | 30 | 248 | 19 | کۆی گشتی | |
| | | %5,77 | 31,57 % | 31,14 % | %1,16 | %3,07 | %5,55 | %2,19 | 18,1 %2 | %1,38 | ڕێژەی سەدی | |

**پێنجەم:** ئامانجی پێنجەم کە بریتی بوو لە( شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن منداڵانەوە بەپێی توێژی توندوتیژیی هێمایی)، دەرکەوت فلیمکارتۆنی (تۆم و جێری) بەپلەی یەکەم دێت کە (71 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (38,37%)ی ڕێژەی توندوتیژی هێمایی. پلەی دووەمیش فلیمکارتۆنی (سپایدەرمان) بەدەستیهێناوە کە (66 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە ڕێژەی (35,67%)ی توێژی توندوتیژیی هێمایی بەدەستهێناوە. فلیمکارتۆنی (سەندرێلا) پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە کە (16 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (8,64%)ی ڕێژەی توندوتیژیی هێمایی. هەر سێ فلیمکارتۆنی (Frozen و ماکوین و سپۆنج بۆب) دوا پلەیان بەدەستهێناوە کە تەنها (2 جار) دووبارەبوونەوەیان هەیە کە دەکاتە (08,1%)ی ڕێژەی توندوتیژییە هێماییەکان.

سەبارەت بەپلەبەندکردنی برگەکانی (توندوتیژیی هێمایی) بەپێی ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان دەرکەوت کە بڕگەی (مۆڕەکردن و چاوسورکردنەوە) پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لەم توێژەدا کە (67 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (36,21%)ی ڕێژەی توندوتیژییە هێماییەکان. برگەی (پێکەنینی دڕندانە) پلەی دووەمی بەدەستهێناوە کە (38 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (20,54%)ی ڕێژەکە. برگەی (نیشاندانی ددانی تیژ) پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە کە (27 جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (14,59%)ی ڕێژەی توندوتیژیی هێمایی. بڕگەی (درۆکردن و هەڵخەڵەتاندن بەهێما و ئاماژە) دوا پلەی بەدەستهێناوە کە تەنها (5جار) دووبارەبوونەوەی هەیە کە دەکاتە (2,70%)ی ڕێژەی توندوتیژییە هێماییەکان، بڕوانە خشتەی (6).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**خشتەی (6)**

**خشتەی توندوتیژیی هێمایی**

| ز. | توندوتیژیی هێمایی | frozen | Ben 10 | سۆفیا | شوانی مەڕەکان | سەندریلا | ماکوین | سپایدەرمان | تۆم و جێری | سپۆنج بۆب | کۆ ی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | مۆرەکردن و چاوسورکردنەوە | 1 | – | 3 | 5 | 5 | 2 | 13 | 38 | –– | 67 | %36,21 |
| 1 | پێکەنینی دڕندانە | –– | 6 | 2 | 1 | 2 | – | 15 | 11 | 1 | 38 | %20,54 |
| 6 | نیشاندانی ددانی تیژ | – | – | – | – | 2 | – | 16 | 9 | – | 27 | %14,59 |
| 5 | نمایشی توانای ماسولکە و جەستە | – | 5 | – | – | – | – | 11 | 4 | – | 20 | %10,81 |
| 7 | نیشاندانی نینۆکی تیژ | – | – | – | – | 2 | – | 11 | – | – | 13 | %7,02 |
| 8 | هەڕەشەکردن بە هێما | – | – | – | 1 | 2 | – | –– | 6 | –– | 9 | %4,86 |
| 3 | زمان لێدەرهێنان | –– | 1 | – | – | 1 | – | –– | 3 | 1 | 6 | %3,24 |
| 2 | درۆکردن و هەڵخەڵەتاندن بە هێما و ئاماژە | 1 | –– | 2 | –– | 2 | – | – | – | – | 5 | %2,70 |
| | کۆی گشتی | 2 | 12 | 7 | 7 | 16 | 2 | 66 | 71 | 2 | 185 | |
| | ڕێژەی سەدی | 1,08 % | 6,48 % | 3,78 % | 3,78 % | 8,64 % | 1,08 % | 35,67 % | 38,37 % | 1,08 % | | %100 |

## دەرئەنجامەکان و شیکردنەوەی داتاکان

**لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا, توێژەر گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-**

1. بەپێی ئامانجی ئاشکراکردن و خستنەڕووی ئەو بەرنامە و بابەتانە بوو کە منداڵەکان بەگشتیی تەماشای دەکەن، دەرکەوت کە بەگشتیی منداڵەکان تەماشای (58 بەرنامە و بابەتی جیاجیا) دەکەن بەڵام (9 بەرنامە)یان زۆرترین دووبارەبونەوەی هەیە. بەتێڕامان لە دەرئەنجامەکان، منداڵە کوڕەکان زیاتر تەماشای ئەو بەرنامانە دەکەن کە توندوتیژیی لەخۆدەگرێت و کچەکانیش بەپێچەوانەوە. توێژەر ئەم دەرئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە پاڵەوانی ئەو فلیمکارتۆنانە لە ڕەگەزی کوڕانن و کوڕەکان زیاتر حەز بەو پاڵەوانانە دەکەن کە لە ڕەگەزی خۆیانن و دەیانکەنە نمونە لەژیانیاندا و پێیان سەرسامن کە ئەمەش ئەگەری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دروستبوونی ڕەفتاری توندوتیژیی لە لای منداڵە کوڕەکان دروستدەکات بە بەراورد بە کچەکان کە زیاتر حەز بە بینینی ئەو بەرنامانە دەکەن کە هێمن و ناتوندوتیژن.

2. سەبارەت بەئامانجی دووەم کە بریتي بوو لەشیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامەو بابەتانەی کە زۆرترین بینەریان هەیە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی توێژی (جۆری کەرەستەی بەکارهێنراو کە نیشانەیە بۆ توندوتیژی)و دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بەرنامانەی کەزۆرترین جار دووبارەبونەوەی هەیە لەم جۆرە توندوتیژیە و دەستنیشانکردنی ئەو بڕگانەی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لەم توێژەدا بەدەستهێناوە. دوای شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سامپڵی توێژنەوەکە دەرکەوت کە فلیمکارتۆنەکانی (سپایدەرمان و تۆم و جێری و Ben 10) زۆرترین کەرەستەی تیادا بەکارهاتووە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیی و لەو کەرەستانەش (چەک و تەقێنەر) و (ئاگر و تیشک) و (کەرەستەی رق و توند)یان تیادا بەکارهێنراوە کە دەکرێت ئەو فلیمکارتۆنانە بە فلیمکارتۆنێکی مەترسیدار هەژمار بکرێن لەبەکارهێنانی کەرەستە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیی کە لەوانەیە ببێتەهۆی چاولێکەریی لەلایەن منداڵانەوة و بەهەمانشێواز پەنا بۆ بەکارهێنانی کەرەستە بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی ببەن.

3. سەبارەت بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی توێژی (توندوتیژیی وتراو)و دەستنیشانکردنی ئەو بەرنامانەی کەزۆرترین جار دووبارەبونەوەی هەیە لەم جۆرە توندوتیژیە و دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بڕگانەی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لەم توێژەدا بەدەستهێناوە، دەرکەوت کە فلیمکارتۆنەکانی (سپایدەرمان و Ben 10 و تۆم و جێری) زۆرترین توندوتیژیی وتراوی تیادا بەکارهاتووە کە خۆی لەبڕگەکانی (هەڕشەکردن بەوتن)و (هاوار و قیژاندن) و (گاڵتەپێکردن و رووشکاندن) دەبینێتەوە کە ئاماژەیەکە بۆئەوەی ئەو فلیمکارتۆنانەی باسکران دەبنەهۆی نیشاندانی توندوتیژیی وتراو لە بەرنامەکانی منداڵانەوە کە دواتر ئەگەری ئەوەی هەیە منداڵان لاسایی بکەنەوە و گرفت لە کۆمەڵگادا دروستبکەن.

4. سەبارەت بەئامانجی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامەو بابەتانەی زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی توێژی (توندوتیژیی کرداری و جوڵەیی) و دەستنیشانکردنی ئەو بەرنامانەی کە زۆرترین جار دووبارەبونەوەی هەیە لەم جۆرە توندوتیژیەو دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بڕگانەی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە و ڕێژەی لەم توێژەدا بەدەستهێناوە. دوای شیکردنەوەی داتاکان دەرکەوت کە فلیمکارتۆنەکانی (تۆم و جێری) و (سپایدەرمان) و (Ben 10) زۆرترین جار توندوتیژیی کرداری و جوڵەیی تیادا دووبارەبووەتەوە. لەو کردارانەشدا (پیاکێشان) و (پەلاماردان و دەستدرێژی) و (شوێن وێرانکرد)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

زۆرترین جار دەبینرێت کە توێژەر بە لایەنێکی نەرێنیی و خراپی ئەو فلیمکارتۆنانە دایدەنێت، بەتایبەتی ئەو کردارە توندوتیژیانەی کە لەفلیمکارتۆنی (تۆم و جێری)دا هەیە، چونکە لەم فلیمکارتۆنەدا کرداری توندوتیژیی ئەنجامدەدرێت لە فۆڕمێکی گاڵتەئامێز و کۆمیدی‌یدا بەبێ نیشاندانی لێکەوتەکانی دوای کردارە توندوتیژییەکە لەسەر بەرامبەر.

5. سەبارەت بەئامانجی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامە و بابەتانەیە کە زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی توێژی (توندوتیژیی هێمایی) و دەستنیشانکردن و پلەبەندکردنی ئەو بەرنامانەی کە زۆرترین جار دووبارەبونەوەی هەیە لەم جۆرە توندوتیژیە و دەستنیشانکردنی ئەو بڕگەکانەی کە زۆرترین دووبارەبوونەوە و ڕێژەی بەدەستهێناوە لەم توێژەدا، دەرئەنجامەکان دەریانخست کە فلیمکارتۆنەکانی (تۆم و جێری) و (سپایدەرمان) زۆرترین دووبارەبوونەوەی لەمجۆرە توندوتیژیەدا هەیە کە خۆی لە بڕگەکانی (مۆڕەکردن و چاوسورکردنەوە) و (پێکەنینی دڕندانە) و (نیشاندانی ددانی تیژ)دا دەبینێتەوە کە دەکرێت منداڵان پیادەی بکەن و لاسایی بکەنەوە.

6. بەشێوەیەکی گشتی بەپێی دەرئەنجامەکانی کە توێژەر بەدەستیهێنا لەئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکانی منداڵاندا دەرکەوت کە هەرسێ فلیمکارتۆنەکانی (سپایدەرمان، تۆم و جێری و Ben 10) لەزۆرینەی توێژەکانی توندوتیژییدا بەرزترین ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان هەیە کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو سێ فلیمکارتۆنە دەبنە مایەی دروستکردنی ڕەفتاری توندوتیژیی لەلای منداڵان و ئاساییکردنەوەی هەندێک کردەوە و وتەی نەشیاو لەلای منداڵ کە دەبنە مایەی گرفت بۆ خۆیان و دەوروبەریان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# بەشی پێنجەم:
# ڕاسپاردە و پێشنیارەكان

## یەكەم : ڕاسپاردەكان:

بەپێی ئەنجامەكان دەركەوت كە منداڵەكان بەگشتیی تەماشای چەند فلیمكارتۆنێک دەكەن و حەزدەكەن ببینن كە ناوەرۆكەكەی كردار و هێما و دەربڕینی زارەكیی توندوتیژئامێز لەخۆدەگرێت كە لە ئاكامدا ڕەفتاری توندوتیژیی بەرهەم دێنێت، بۆیە پێویستە ئەمانە بكرێت:

1. وەزارەتی ڕۆشنبیري حكومەتی هەرێمی كوردستان، ڕێنمایی تایبەت بە جۆری ئەو فلیمكارتۆنانە ئاڕاستەی دەزگاكانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی تەلەڤزیۆنەكان بكات و ڕێگریی لە پەخشی ئەو بەرنامە و فلیمكارتۆنانە بكرێت كە توندوتیژیی لەخۆ دەگرێت .
2. وەزارەتی ڕۆشنبیري حكومەتی هەرێمی كوردستان بە بەردەوامی بەدواداچون و چاودیری كەناڵەكان بكەن.
3. لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە و دەزگا پەروەردەییەكانەوە لە ڕێگەی سیمینارەوە ڕێنمایی و هۆشیاریی پێشكەش بە بەخێوكەران بكرێت بۆ پاراستنی منداڵ لەو جۆرە بەرنامانە و ئاڕاستەكردنی منداڵان بۆ دووركەوتنەوە لەەردنی ئەو جۆرە فلیمكارتۆنانە.
4. لەڕێگەی وەزارەتی پەروەردە و دەزگا پەروەردەییەكانەوە مامۆستایان هەستن بە سازدانی سمینار و ڕێنمایی بۆ منداڵان كە تەماشای ئەو بەرنامە و فلیمكارتۆنانە نەكەن كە تەندوتیژیی لەخۆدەگرێت.
5. بەشەكاني ڕاگەیاندن لە زانكۆ و پەیمانگاكان لە چوارچیوەی وانەی تایبەتدا ڕێنمایي بدەنە فێرخوازان و ئاشنایان بكەن بەو بابەتانەی كە كاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر منداڵان.

## دووەم: پێشنیازەكان:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ (هەڵسەنگاندنی بەرنامە تەلەڤزیۆنیەكانی منداڵان) و دەستنیشانكردنی لایەنی لاواز و لایەنی بەهێزی بەرنامەكانی منداڵان.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بەڵام بۆ زانینی بەرنامە تەلەڤزیۆنیەكانی منداڵان لەسەر بەها كۆمەڵایەتییەكان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The role of childrens television programs on aggrresive behavior of kurdsh children

**Jwan Bahaaden Ali**

Department of media, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region –Iraq .

E-mail: jwan.bahaden@koyauniversity.org

**Salam Nasradeen muhamad**

Department of media, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region –Iraq .

E-mail: salam.mohammed@univsul.edu.iq

## Abstract:

The aim of this research is to identify the television programs that children watch in general during interviews with a group of (504) children. After analyzing the content of those programs that were widely viewed according to some categories such as (the tools used for aggression), (verbal violence), (Practical violence) and (symbolic violence) .Then the programs were arranged according to the number of repeated the violence in them.

For all this, a questionnaire was prepared to analyze the content of the programs. After doing face validity and Internal consistency to the measure, the researcher analyzed the content of (50) programs from the animated films and the total time was (830) minutes or (13) hour and (50) minutes.

According to all categories of content analysis measure, the results showed that children's programs generaly includes violent scenes and (Spiderman, Tom and jerry and Ben 10) got the first rank in that they contain stylized scenes, and this makes them the most influential cartoon movie on children to learn from them violent behavior and to make social and psychological problems. At the end, the researcher has presented some suggestion and recommendations.

**Keywords:** Role , childrens television programs , aggrresive behavior.

# دور برامج الأطفال المتلفزة في مستوى السلوك العدواني لدى أطفال الكورد

**جوان بهاء الدين على** قسم الاعلام، كلية علوم الانسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، اقليم كردستان، عراق.

البريد الإلكتروني : jwan.bahaden@koyauniversity.org

**سلام نصرالدين محمد** قسم الاعلام، كلية علوم الانسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، اقليم كردستان، عراق.

البريد الإلكتروني : salam.mohammed@univsul.edu.iq

**ملخص :**

هدفت البحث الحالي الى كشف البرامج التلفزيونية التي تشاهدها الاطفال بصورة عامة خلال اجراء مقابلة مباشرة مع مجموعة من الاطفال البالغ عددهم (504) طفلا , بعد تحليل محتوى تلك البرامج التي حظيت بمشاهدة كبيرة وفق بعض الفئات مثل (نوع الأداوات المستدخمة للعدوان ) و (العنف اللفظي) و (العنف الحركي ) و ( العنف الرمزي) و ثم ترتيب البرامج وفق عدد تكرار مشاهد العنف فيها , ولأجل كل ذلك تم اعداد استبيان لتحليل المحتوى البرامج وتم ايجاد الصدق و الثبات ، ومن ثم قامت الباحثة بتحليل محتوى لـ(50) برامج من أفلام الرسوم المتحركة وبلغ الوقت الاجمالي (830) دقيقة اي (13) ساعة و (50) دقيقة . اظهرت النتائج ان برامج الاطفال بشكل عام و وفق جميع فئات التحليل محتوي يحتوي على مشاهد العنف , و حصل كل من (سبايدرمان و توموجيري و بن10) على الترتيب الاول من حيث احتوائهم على المشاهد العنيفة وهذا يجعله اكثر الافلام الكارتونية تأثيرا على الاطفال ليتعلموا منهم السلوك العنيف ويكونوا عرضة للاصابة مشاكل الاجتماعية و النفسية، وفي النهاية قدمت الباحثة عددا من التوصيات و المقترحات.

**كلمات المفتاحية:** دور , برامج الأطفال المتلفزة , السلوك العدواني .

## سەرچاوەكان:

أحمد حسن القواسمة، و محمد سلمان الخزاعلة. (2017). مظاهر العنف التي تتضمنها برامج الأطفال في قناة Spece Toon الفضائية لدى طلبة المرحلة الابتدائية بالاحساء في الماكة العربية السعودية (دراسة تحليلية. الطفولة العربية).

أحمد محمد عبدالهادي دحلان. (2003). العلاقة بين مشاهدة بعض برامج الاطفال و السلوك العدواني لدى الامحافظات غزة- رسالة ماجستير غير منشورة.

بن حمودة كريمة. (2017). العنف قي برامج الأطفال الكرتونية في قناة سبيس تون – دراسة وصفية تحليلية للمسلسل الكرتوني وان بيس(الجزء الأول) رسالة ماجستير غير منشورة.

جويدت فان أفرا. (2003). التلفزيون و نمو الطفل. (عزالدين جميل عطية، المترجمون) القاهرة: المجلس الاعلى للثقافة.

رشدي أحمد طعيمة. (1987). تحليا المحتوى في العلوم الانسانية . القاهرة: دار الفكر العربي.

زليخا الصا يم. (2015-2016). البرامج التلفزيونية العنيفة و علاقتها بالسلوك العدواني للتلميذ المراهق, رسالة ماجستير غير منشورة. جامعة محمد خضيرة- كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية- قسم الاعلوم الاجتماعية.

سامي محسن ختاتنة، و أحمد عبدالطيف أبو أسعد. (2015). علم النفس الاعلامي. عمان: دار الميسرة.

سمية دهامنة. (2015-2016). أثر الرسوم المتحركة على سلوك الطقل الجزائرى-دراسة ميدانية على عينة من أولياء مدينة أم بواقي،. رسالة ماجستير غير منشورة في علوم الاعلام و الاتصال.

شعبان مهدية، و بن عيسى أمال . (2011). أثر الرسوم المتحركة في تنمية السلوك العدواني للطفل الجزائري - دراسة ميدانية بالمدرسة الابتدائية أيت علي خالد ببوفاريك. فعاليات الماتقى الوطني حول دور التربية في الحد من الظاهرة العنف الجزائر: جامعة الجزائر.

صلاح الدين محمود علام. (2000). القياس و التقويم النفسي و التربوي. القاهرة: دار الفكر العربي.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

غادة أحمد بعلوشة. (2013). أثر توظيف الرسوم المحركة في تدريس وحدة السيرة النبوية على تحصيل طالبات الصف السادس الاساسي و اتجاهاتهن نحو المادة- رساة ماجستير غير منشورة.

غادة محمود ابراهيم عوف. (2017). دراسة تحليلية عن تأثير لبرسوم المتحركة على طفل الروضة ايجابياً و سلبيا. International Design Journal.

غبالرحمن بن مبارك بن الماس النوفلي. (2013). أثر العنف المتلفز على السلوك العدواني لدى عينة من أطفال ما قبل المدرسة بسلطنة عمان- رسالة ماجستير غير منشورة.

مأمون المومني، و عدنان سالم دولات. (2011). أثر استخدام برامج رسوم المتحركة علمية في تدريس العلوم في اكتساب التلاميذ للمفاهيم العلمية, دراسة تجريبية على تلاميذ الصف السادس الأساسي. مجلة جامعة دمشق، 3 -4(المجلد 27).

محمد جوهري، و الخريجي عبدالله. (1998). طرق البحث الاجتماعي (المجلد ط4). الازاريطة: دار المعرفة الجامعية.

محمد يوسف الزغبي. (2017). أثر مشاهدة الرسوم المتحركة في مرحلة الطفولة على العنف الطلابي الجامعي في الجامعات الأردنية في أقليم الشمال. المجلة الدولية للبحوث النوعية المتخصصةIJSSR.

هاشم أحمد، و نغيمش الحمامي. (2015). التلفزيون و تأثيراته المحتملة على جمهور الأطفال. مجلة علوم الانسان و المجتمع، 14، 287-321.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020